# پیکهێنانی دەوڵەتیك بۆ فەلەستینی یەکان، خەڵکی ناوچەکە لەکۆل مەسەلەیەکی گرینگ وکێشەیەکی خوێناوی دەکاتەوە

## وتویژیك لەگەل سامان کەریم

**بلاوکراوەی ئۆکتۆبەر: هاوری سامان کەریم بەدوای مەرگی یاسر عەرەفات و هەلبژاردنی محمود عەباس وەك جی نشینی ئەو بارو دۆخی فەلەستین و مەسەلەی مفاوەزاتی نیوان دەولەتی ئیسرائیل و فەلەستینیەکان جاریکیتر هاتۆتەوە سەر شانوی سیاسی لەرۆژ هەلاتی ناوەراستدا.. لەمبارەوە سەرنجی گشتی ئیوە لەمباروودۆخانە چییە و تاچەند پیشبینی ئەوە دەکەن کەمەسەلەی فەلەستین لەچوارچیوەی ئەم هەولانەدا چارەسەر ببی؟**

**سامان کەریم**: بەڵێ، ئەمەریکا دەیەوێت وانیشان بدات کە عەرەفات کۆسپی سەرەکی بەردەم چارەسەرکردنی ئەوکێشەیەبوە، بەلام من پیم وابیت ئەمە رواڵەتی مەسەلەکەیە. مەسەلەی ئەصلی لێرەدا ئالۆگۆڕێکە لەباری سیاسیی‌یەوە کە قەرارە لە ڕوانگەی ئەمەریکاوە جێبکەوێت، کێشەی فەلەستین–ئیسرائیل لەم چوارچێوەیە بەدەرنیەو دەیانەوێت لەم چوارچێوەیەدا چارەسەری بکەن، واتە لەچوارچێوەی سیاسەتێکی فراوانتری ئەمەریکیدا بۆ ڕۆژهەلاتی ناوەراست بەتایبەت وارێکەوت کە مەرگی عەرەفات هاوکاتی بێت لەگەڵ چونە پێشەوەی چەندین پرۆسەی جیاوازی هەڵبژاردن لە ناوچەکەداو من پیم وابێت سەنتەری ئەم مەسائیلانەو چارەسەرکردنیان لە ڕوانگەی ئەمەریکاوە، عێراق و سازدنەوەی دەوڵەتە لەعێراقدا، دیارە کە ئەم مەسەلەیە مانایەکی جیهانی هەیە وئەگەر ئەمەریکا لەم هەوڵەیدا سەرکەوتوبێت ئەوا مەسەلەی فەلەستینیش لەریگا چارەیەك نزیکتر دەبیتەوە.

کێشەی فەلەستین–ئیسرائیل و مەسەلەی عێراق لەماوەی 14–15 ساڵی ڕابوردودا هەمیشە لە پەیوەندیەك‌و حەلقەیەکی نزیکدا بون پێکەوەو کاریگەریان خستۆتە سەر یەکتری بە پێی هەلومەرجی جیاوازو ڕوبەڕوبونەوەی هێزەکان. ئەمجارەو پاش جەنگ‌و داگیرکردنی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق، عێراق بوە بەسەنتەری تەواوی ئالو گۆڕەکانی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەراست‌و خودی ئەم کێشەیەش کە باسی دەکەین.

با سەرنج بدەین بزانین، چ هەلومەرجێك وای کرد کە گفتوگۆو دانوسان دوبارە دەست پێبکاتەوە. ئەمەریکا لە عێراقدا دەرگیرە لەگەڵ ئەزمەیەکی هەمەلایەنەو ڕوبەڕوبونەوەیەکی توندی هەیە لەگەل ئیسلامی، لەهەمانکاتدا دەرگیری سازدانەوەی دەوڵەتەو سەرەرای چونەپێشەوەی لەم بارەوە، بەلاْم ئەنجامەکانی مسۆگەر نین‌و جیگای مەتلوبی ئەمەریکاش نین، ناسیونالیزمێکی عەرەبی مل پان لیرە بەعەرزاد دراوە، کەرامەتیان شکاندوە، لەولاوەش قەتل‌و عامی فەلەستینەکان دەکرێت‌و ئەمەش بزوتنەوەی ناسیونالیزمی عەرەبی لە ئاستی جیهانی عەرەبدا هار کردوە نزیکتری کردونەتەوە لەئیسلامی سیاسی بن لادنی، کە دیارە ئەم خالەیان بەدوای خۆیدا نیگەرانی‌و بۆلە بۆلی حکومەتانی عەرەبی بەدوای خۆیدا دەهێنێت لەبەرانبەر ئەمەریکا، لە لایەکی تریشەوە ئەوروپا یان بە دیارکراوتر بلێین کە ئەلمانیا‌و فەرەنسا‌و ڕوسیا کە لەبەرانبەر جەنگ‌و داگیرکاری عێراقدا ڕەخنەیان هەبوو وە ناڕازی بوون، کێشەی فەلەستین–ئیسرائیلیان کردبوە سەنتێزی خۆیان بۆ دانوسان‌و فشار خستنە سەر ئەمەریکا بۆ مامەڵە کردن لەگەل ئەم کێشەیە، ئەمە بەجیا لەوەی کە لەم هەلومەرجەدا مەسائیل‌و کێشەکانی لوبنان‌و سوریا‌و بڕیاری1559 سەبارەت بەچونە دەرەوەی هێزەکانی سوریا لە لوبنان‌و چەك داماڵینی حزب الله، دوبەرەکیی نێوان جمهوری ئیسلامی ئیران‌و ئەمەریکا، دێنە نیو ئەم هاوکێشەیەوە.

من هەلومەرجی گشتی ناوچەکە و دەستپیکردنەوەی دانوسانی نێوان فەلەستینی‌و ئیسرائیلیەکان لەو چوارچێوە گشتیەی سەرەوەدا دەبینم، کە ئەمەریکا دەیەوێت لەهەناوی ئەو چوارچێوە گشتی‌و فراوانەدا هاوکێشە ئالۆزو پر گرێکان وەلاْم پێبداتەوە لە ڕوانگەی خۆیەوە، دەبینین، ئەو ریفۆرمەی کە بانکی جیهانی‌و صندوقی پولی جیهانی یەعنی ئەمەریکا دەیەوێت لە ئێستادا لە ناوچەکەدا دەستی پێکردوە، کە ئەمەریکا بۆ فەلەستین وعێراق ناوی ناوە بینای دیمکراتیەت‌و بۆ وولاتەکانی تریش ناوی ریفۆرم وچاکسازی. بەم جۆرە ئەمەریکا‌و ئیسرائیل دەیانەوێت لە ڕوانگەی خۆیانەوە چاکسازیەکە بکرێت ئینجا دەوڵەت پێکبهێنرێت، هەر بۆیە دەبینین، کە لە چاوپێکەوتنی شارون‌و ئەبو مازن لە شەرم شێخی مصر لە ڕۆژی 8ی شوباتدا پێش هەرمەسەلەیەکی سیاسی لەسەر وەستانی شەرو هێمنکردنەوەی باری ئەمنی هدنەو ئاگربەست ڕیك دەکەون. ئەمەش باسە لە سەر داماڵینی چەکی حەماس‌و جیهادو جبهەو... هێرش نەکردنە سەر ئیسرائیل پێش ئەوەی باس بێت لە سەر مەسائیلە گرێییەکانی نێوانیان وەکو قدس‌و گەڕانەوەی پەنابەران‌و مەسەلەی سنور... ئەوە چوارچێوەی گشتی هەلومەرجی سیاسی ناوچەکەو هەلومەرجیك کە دانوسان‌و گفتوگۆی نێوان فەلەستینی‌و ئیسرائیلیەکانی تێدا دەچێتە پێشەوە.

ئەوەی کە چەندە ئەم هەوڵانە بەسەمەر دەگات‌و دەولەتێکی فەلەستینی پێك دێت‌و ڕزگار دەبین لە کێشەیەك کە تەمەنی بۆ 60ساڵ دەچێت، لەمبارەوە، ئێستا مەسەلەکە لەدەست ئەمەریکادایە. ئەمەریکاش وەك لەسەرەوە باسم کرد لە ژێر فشارێکی چەند لایەنەدایە، مەودای مانۆر لێدانی کەمبۆتەوە لەبەرانبەر ئەم کێشەیەدا، بەتایبەت کە هەلومەرجێك بخەینە بەرچا‌و کە لە عێراق تێکەوتوە، وەلامدانەوەی پێویستی دەوێت بە جیهانی عەرەب‌و ئەم وەلامەش تەنیا چارەسەری ئەم کێشەیە لەمرۆدا، بەتایبەت ئەگەر مەسەلەی ریفۆرم‌و دیموکارتیزەکردنی ئەمەریکا‌و پروپاگەندەکانی بۆ ناوچەکە لەبەرچاو بگرین، ئەوا ئەمەریکا فشارەکانی سەری زیادەکات.

**ئۆکتۆبەر: بەلام ئەوەی لە پرۆسەی دانوسانەکانی نیوان حکومەتی شارۆن و دەسەلاتی خۆجی ی فەلەستینیەکاندا بەریوەدەچی لەژێر چاودیری ئەمریکاو دەولەتانی رۆژئاوادایە، ئایا پیتان وایە ئەم کیشەیە لەریگا چارەی ئیمپریالیستانەوە بتوانی خواستەکانی خەلکی فەلەستین لە پیکهینانی دەولەتیکی سەربەخۆ دا بەرچەستەبیت؟ رای ئیوە لەم دانوسانانەو چارەسەربوونی کیشەی فەلەستین چیە؟**

**سامان کەریم:** سەرەتا دەبی تەئکید لەوەبکەم کەدانوسانەکانی ئیستاو هەولیك کە بۆ چارەسەری کیشەی فەلەستین هاتوتە ئاراوە، هەنگاویکی موسبەتن لەراستای چارەسەر بوونی ئەم کیشەیەدا.. بەرگرتن بەپەلاماری سەربازی و کاول کاری و تیرۆر و کوشتارو ئیرهابی خەلکی مەدەنی لەهەردوو سەرەوە هەنگاویکی موسبەتە، ئەگەرچی هیشتا ناتوانی قازانج و بەرژەوەندی‌یەکانی خەلکی کریکار و زەحمەتکیشی فەلەستینی لەبنەوە بەدەی بهینی. بەواتایەکی‌تر دانوسانەکانی ئیستا بەو قەدەرەی ریگای "ئاشتی" و بەدور لە کوشتار بۆدامەزراندنی دەولەتی فەلەستینی دەباتە پیشەوە هەنگاویکی باشەو بەلایەکی گەورە لەکۆل خەلك دەکاتەوە. بەداخەوە بلێم کە بزوتنەوەی ئێمە وە چەپ بەگشتی مەیداندارنیە لە نێو ئەم کێشەیەدا، تا بیرێکی تری لێ بکەینەوەو لە لایەکی تریشەوە پێویستە ئەوە ڕۆشن بێت، کە ئەو چارەسەرەی ئەمەریکا چارەسەرێکی مەتلوب‌و خوازراو نیە، زیاتر چارەسەرێکی فەرزکراوەو پشت سەرنانی یەکێك لە گەورەترین کۆسپەکانی ناوچەکەیە. لە ڕوانگەی منەوە چارەسەری مەتلوب هاتنە مەیدانی هیزە چەپەکان و سکولاریزمی ئیسرائیلی و فەلەستینی‌یەکانن لەراستای توڕ هەڵدانی حکومەتی قەومی دینی لە ئیسڕائیل، بەڵام ماڵ کاول بون‌و ساروخ باران‌و ڕەشەکوژی‌و ئاوارەیی ڕۆژانەی خەڵکی فەلەستین لەسەر ئامادەیی ئێمە و ئەم هیزانە ناوەستێت‌و پێویستە وەڵام وەربگرێتەوە. بەڵام ئایا ڕیگا چارەی ئەمەریکی یان ئەمەریکی ئەوروپی کە ئەمەشیان لەنیو خۆیدا دژایەتی هەیە، چەندە وەلام بەخواستەکانی خەڵك دەداتەوە؟! ئەمەیان ئیتر پێویستە لە زاویەیەکی ترەوە سەرنجی بدەین، باسەکە دێتە نێو خواست‌و مافەکانی خەڵك‌و دەوڵەتێك کە دەیانەوێ وحکومەتێك کە خوازیارین، بیگومان نا. ئەم ڕیگا چارەیە بۆ ئەوەنیە کە وەلام بداتەوە بە مافەکانی خەڵك بە خواستە سیاسی‌و مەدەنی‌و فەردیەکانی خەڵکی فەلەستین، بەڵکو ڕێگایەکە لە چوارچێوەی گشتی‌دا خەریکی ڕێکخستنەوەی ماڵی بورژوازییە لە ناوچەکەدا لە پێناو ڕێکخستنەوەی نیزامێکی نوی‌دا بۆ جیهان‌و لەم نێوەدا پێویستی بەوە هەیە وەلام بداتەوە بەم کێشەیە، ئەمەریکا خەریکەو دەیەوێ بەمانایەك ماڵی خۆی بەتەنیا ڕیکبخات‌و ئەوروپا دەیەوێت بەشێکی بەربکەوێت، خارتەی تەریق هەنگاوێکە بۆ ئەم شەریك بونە، باسی شەریك بونی رایس لە باریس هەولێکی ئەمەریکی‌یە بۆ هێنانەوەی ئەوروپا بۆ عێراق‌و کۆمەکردنی. مەبەستم ئەوەیە وەلامی ئەمەریکاو رۆژئاوا، بۆ ئاشگێڕانی خۆیان‌و تێپەڕاندنی کۆسپ‌و گرێ‌و گۆڵەکانە کە سیستەمی دووقوتبی‌و جەنگی چارەسەریان بۆ نەکرا.، ئەمە سیستەمی دەولەت‌و حوکمڕانی‌و ئقصادی بازارو پلۆرالیزم‌و هەڵبژاردنی پێویستە لە ڕوانگەی خۆیانەوە. لەم نێوەدا هەروەك ووتم ئەم کێشەیە وەلامی پێکهێنانی دەوڵەتی پێویستە بۆ فەلەستینیەکان، لیرەدایە کە پیکهێنانی دەوڵەت بەو مانایەش کە باسمان کرد، خەڵکی فەلەستین‌و ئیسرائیلیش لەکۆل مەسەلەیەکی گرینگ‌و کێشەیەکی خوێناوی دەبنەوە. بەبڕوای من پێکهێنانی دەوڵەتی فەلەستینی ئەگەر لە ڕوانگەی ئەمەریکاو غەربیشەوە بێت، کە ئەوەش پیم وابێت بە کەموکوریەوە دەبێت، کۆمەکی گەورە بە خەڵکی ناوچەکە بە خەڵکی فەلەستین بە ئەمنیەت‌و ئارامیان هەروەها، کۆمەك دەکات بە ژێر پێ خاڵیکردنەوەی ئیسلامی سیاسی‌و تیرۆریزم لەتەواوی ناوچەکەدا، خەڵکی فەلەستین‌و ئیسرائیلیش ڕاستەوخۆ دەخاتە بەردەم حکومەتی هاوزمانی خۆیان‌و خەباتی چینایەتی رونترو شەفافتر دەکات. لە هەمانکاتدا کورزێکیش دەبیت لە جمهوری ئیسلامی‌و دەست‌و پێوەندەکانی لە حزب اللهیەکان کە لەسەر ئەم کێشەیەو کێشەی مەزارعی شەبعا دەژین!